# فەلسەفە لە دیدی لاوان (مێردمنداڵان) دا

ئەوە تەنها منداڵان نین کەسەرقاڵی پرسیارە فەلسەفیەکانن. ڕۆمانە بەناوبانگەکەی یۆستەین گاردەر،
**Sofiesverden )** دنیاکەی سۆفیا )




نیشانی دەدات لاوانیش سەرقاڵ و لە ئەندێشەی هەمان پرسیارە فەلسەفەیەکاندان و خوازیار و بە پەرۆشن، تا بزانن بیرمەندان و فەیلەسوفەکانی ڕابوردوو چ وەڵام و ڕاڤەیەکیان بۆ ئەو پرسیارانە هەیە.

## تۆ بڵێیت هۆی ئەم خولیای پرسیارکردن و تەنگەتاویە چی بێت؟

ئاسان نیە وەڵامێکی هەروا سەرپێی بدەینەوە! دەکرێت وا مەزندە بکەین کە ڕەگ و داوەکانی کەلتوری دینی لە ڕۆژئاوادا زۆر باریکتر بۆتەوە لە چاو ڕابوردوودا. ئا لێرەدایە فەلسەفە دەتوانێت جوابگۆی زۆر لەو پرسیارانە بێت. هەروەها ئینتەرنێت کە ئەمڕۆکە بۆتە هۆیەکی زۆر گرنگی پەیوەندی کردن لە نێوان لاواندا و بۆتە هۆیەك بۆ زیاتر ئاشنا بوونی لاوان بە فەلسەفە و فەیلەسوفان و ، چەندەها سایت و ماڵپەڕ بە زمانی ئینگلیزی، هەن تایبەتن بەفەلسەفە و بابەتە گرنگەکانی فەلسەفە. بیروڕاگۆڕینەوە و گفتوگۆی فەلسەفی، لەسەر ئەم تۆڕانەی ئینتەرنێت بەبەردەوامی هەن.

www.p4ckurd.net